# ئەوەی بۆ نوێژی جومعە هات؛ ئەوا با خۆی بشوات

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
.«ئەوەی بۆ نوێژی جومعە هات؛ ئەوا با خۆی بشوات»
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

کۆبوونەوە بۆ نوێژی جومعە ڕووداوێکی مەزنە وکۆبوونەوەیەکی فراوانی مسوڵمانانە کە لە هەموو شوێنێکی شارەکەوە دێن بۆ جێبەجێکردنی، وئەم ئامادەبوونە دەرخستنی دروشمەکانی ئیسلامە؛ بۆیە پێویستە هەرکەسێک بۆی دێت بە جوانترین شێوە وبۆن وپاکترین لاشە ئامادە دەبێت. هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- لە سەرەتای ئیسلامدا هەژار بوون وجلی خورییان لەبەر دەکرد وخزمەتی خۆیانیان دەکرد، بۆیە ئامادەی جومعە دەبوون لە کاتێکدا جلەکانیان خۆڵ وتۆز وبۆنی ئارەقی لاشەی پێوە بوو، ومزگەوتەکە بچووک بوو بۆیە ئارەقکردنی لاشەیان زیاتر دەبوو ئەمیش دەبووە هۆی زیادبوونی بۆنی ناخۆش لە ناو مزگەوتەکەدا، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد کە خۆیان بشۆن پێش هاتنیان بۆ نوێژی جومعە، بۆ ئەوەی لاشەیان بۆنی ناخۆش وئارەقی لێوە دەرنەچێت کە ئەمیش دەبێتە هۆی ئازاردانی نوێژخوێنان وفریشتە ئامادەبووەکان.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee